ستانداردەکانی خزمەتگوزاری

Customer Service Standards

بەڕێوەبردنی گرێبەستی کرێ

Tenancy Management

1. کاتێک واژۆی گرێبەستی خانووە نوێیەکەت دەکەیت، ڕێنماییەکی کرێنشینت دەدەینێ کە زانیاری تێدایە دەربارەی ئەو خزمەتگوزاری و ستانداردانەی کە دەتوانیت لە ئێمەی چاوەڕوان بکەیت.

2. لەماوەی 28 ڕۆژدا پاش گواستنەوەت بۆ خانووە نوێیەکەت سەردانت دەکەین بۆ ئاگاداربوون لەوەی هەموو شتێک باشە و ئامۆژگاری و هاوکاریت پێشکەش دەکەین. ئەگەر تۆ کرێنشینی ئەزموونیت، دوو جاری دیکە سەردانت دەکەین لەماوەی ساڵی یەکەمی کرێنشینیەکەتدا.

3. لە هەموو بڕیارێک ئاگادارت دەکەینەوە لەسەر گواستنەوەی کرێنشینە ئەزموونییەکەت بۆ گرێبەستێکی زامن لەماوەی 10 ڕۆژدا پاش تەواوکردنی ساڵی یەکەم.

4. لە گەیشتنی هەر پرسێکت کە هەتبێت ئاگادارت دەکەینەوە لەماوەی 1 ڕۆژی کارکردندا و لەماوەی 10 ڕۆژی کارکردندا بەتەواوی وەڵامت دەدەینەوە.

5. بەخێرایی وەڵام دەدەینەوە کاتێک دەخوازیت گۆڕانکاری ئەنجام بدەیت لە گرێبەستەکەتدا لەڕێگای:

- لەماوەی 48 کاتژمێردا فۆرمەکانی کرێنشینت بۆ رەوانە دەکەین
- مامەڵە دەکەین لەگەڵ داواکارییەکانت لەماوەی 20 ڕۆژی کارکردندا لە ڕۆژی گەیشتنیەوە
- بڕیارەکانمان بە نووسراوی دەگەیەنینە دەستت لەماوەی 10 ڕۆژی کارکردندا.

6. ئێمە سەردانت دەکەین کاتێک کە گرێبەستەکەت هەڵدەوەشێنیتەوە و گفتوگۆت لەگەڵ دەکەین لەسەر ڕێکخستنەکان بۆ کۆتاییهێنان بە گرێبەستەکەت، لەوانە ئامۆژگاریت دەکەین لەسەر ئەو کردارانەی پێویستە بیانکەیت.

بەڕێوەبردنی داهات

Income Management

1. 4 هەفتە پێشوەخت بە نووسین ئاگادارت دەکەینەوە ئەگەر هەر زیادکردنێکی کرێ هەبوو.

2. لانیکەم ساڵی 4 جار ڕەچەتەی کرێت بۆ دەنێرین بەو شێوازەی خۆت پێتخۆشە..

3. چەندین هەڵبژاردەی جیاوازت دەخەینە بەردەست بۆ پارەدانی کرێکەت بۆئەوەی بتوانیت هەر کاتێک لە 24 کاتژمێر لە ڕۆژدا و 365 ڕۆژ لە ساڵدا پارە بدەیت.

4. 4 هەفتە پاش دەستپێکردنی کرێنشینەکەت سەردانت دەکەین بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کرێدان و ئامۆژگاری و زانیاریت پێشکەش دەکەین.

5. کاتێک واژۆی گرێبەستەکەت دەکەیت، زانیاریت دەدەینێ لەسەر بڕی کرێکەت، چۆن و لەکوێ دەتوانیت پارە بدەیت و ئێمە چۆن دەتوانین یارمەتیت بدەین.

6. بەخێرایی و بەنامە پەیوەندیت پێوە دەکەین بۆ ئەوەی یارمەتی و ئامۆژگاریت پێشکەش بکەین ئەگەر پارەی 2 هەفتە کرێ یان 5 هەفتە ئەگەر مانگانە پارە دەدەیت قەرزار بوویت.

7. لانیکەم ساڵی دووجار پێوانەی ڕازیبوونت دەکەین لەو خزمەتگوزارییەی وەریدەگریت لە تیمی بەڕێوەبردنی داهات.

خانووی پاڵپشتیکراو

Supported Housing

1. سەردانت دەکەین بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو هاوکارییەی پێویستە و ئامۆژگاریت پێشکەش دەکەین لەماوەی 28 ڕۆژدا پاش گەیشتنی ڕەوانەکردنەکەت.

2. ساڵی 4 جار سەردانت دەکەین لەگەڵ کارمەندی هاوکارییەکەت بۆ چاودێریکردن و وەرگرتنی زانیاری نوێ لەسەر پێداویستییەکانت.

3. پێوانەی ڕازیبوونت دەکەین لەو خزمەتگوزارییەی وەریدەگریت لە تیمی خانووی پاڵپشتیکراو و کارمەندی هاوکاری دیاریکراوت.

دەستگەیشتن بە چاودێری خزمەتخواز

Access and Customer Care

بەخێرایی، بەڕێزەوە و کاریگەرانە مامەڵە دەکەین لەگەڵ پرسەکانت و لە چۆنایەتی خزمەتگوزارییەکەمان دڵنیات دەکەینەوە لەڕێگای بەدیهێنانی ئەم ستانداردانەوە:

- بەدەستهێنانی 90% ڕەزامەندی خزمەتخواز بۆ دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاری
- 90%ی خزمەتخوازەکانمان دەڵێن کە ئێمە بەڕێزەوە مامەڵەمان لەگەڵ کردوون
- بەڕێکردنی 80%ی پرسەکان لەجاری یەکەمدا و لە خاڵی پەیوەندی یەکەمدا
- وەڵامدانەوەی 80%ی تەلەفۆنەکان لەماوەی 20 چرکەدا
- مامەڵەکردن لەگەڵ 90%ی پرسە ڕووبەڕووەکان لەناوخۆدا

15 خولەک لە هاتن بۆ سەنتەری یەک وەستان

15 minutes of entering a One Stop Centre

- ئاگادارکردنەوە لە گەیشتنی 90%ی نامە و پرسە ئەلەکترۆنییەکان لەماوەی یەک ڕۆژی کارکردندا
- وەڵامدانەوەی تەواوی 80%ی نامە و پرسە ئەلەکترۆنییەکان لەماوەی 10 ڕۆژی کارکردندا
- دڵنیابوون لەوەی 90%ی خزمەتگوزارییەکانمان ستانداردەکانی سەردانکەری نهێنی پردەکەنەوە.

ڕەفتاری دژەکۆمەڵایەتی

Anti-Social Behaviour

1. پاش 1 ڕۆژی کارکردن لە ڕاپۆرتدانت لەسەر ئەو کەیسە زۆر گرنگانەی توندوتیژی ڕاستەقینە یان هەڕەشەی توندوتژی لەخۆدەگرن پەیوەندیت پێوە دەکەین

2. لەماوەی 3 ڕۆژی کارکردندا پەیوەندیت پێوە دەکەین لەسەر مەسەلەکانی دیکەی ڕەفتاری دژەکۆمەڵایەتی.

3. لانیکەم هەموو 28 ڕۆژ جارێک پەیوەندیت پێوە دەکەین بۆ ئاگادارکردنەوەت لەسەر پێشکەوتنی کەیسەکەت.

4. 28 ڕۆژ پاش داخستنی کەیسەکەت دووبارە پەیوەندیت پێوە دەکەینەوە.

5. لەماوەی 1 ڕۆژی کارکردندا پەیوەندیت پێوە دەکەین پاش تۆمارکردنی سکاڵاکەت لەڕێگای خزمەتگوزاری 24 کاتژمێری ڕاپۆرتدانەوە.

6. لەماوەی 1 ڕۆژی کارکردندا پەیوەندیت پێوە دەکەین پاش تۆمارکردنی سکاڵاکەت لەڕێگای ماڵپەڕەکەمانەوە.

7. خزمەتگوزاری ناوبژیوانی پێشکەشی هەموو خزمەتخوازەکانمان دەکەین لەکاتی شیاودا.

توندوتیژی خێزانی

Domestic Violence

1. لەماوەی 1 ڕۆژی کارکردندا پاش راپۆرتدانت لەسەر ڕووداوی توندوتیژی خێزانی پەیوەندیت پێوە دەکەین.

2. لانیکەم هەموو 28 ڕۆژ جارێک پەیوەندیت پێوە دەکەین بۆ ئاگادارکردنەوەت لەسەر پێشکەوتنی کەیسەکەت.

3. لە کەیسە گرنگەکاندا کرداری دەستبەجێ یان بەپەلە ئەنجام دەدەین بۆ پاراستنی قوربانییەکان.

4. ئێمە رێز لە مافی پاراستنی نهێنی تۆ دەگرین لەسەر کەیسی توندوتیژی خێزانی و گفتوگۆ لەسەر وردەکاری کەیسەکەت ناکەین لەگەڵ هیچ لایەنێکی تردا بەبێ ڕەزامەندی نووسراوی خۆت.

5. پێوانەی ڕەزامەندی تۆ لەو خزمەتگوزارییەی کە بۆت دابین دەکەین و لە ئەنجامی سکاڵاکەت دەکەین و ئەنجامەکان هەموو شەش مانگێک بڵاو دەکەینەوە.

خانووی چۆڵ و گواستنەوە

Empty Homes and Allocations

1. ئێمە خانووە چۆڵەکەت نوژەن دەکینەوە و ئامادەی دەکەین بۆ بە کرێدانەوە لەماوەی 32 ڕۆژدا.

2. دڵنیایی دەکەین لەوەی کە خانووە نوێیەکەت تەبایە لەگەڵ ستانداردی خانووی چۆڵی ئێمەدا پێش ئەوەی گرێبەستە نوێیەکەت قبووڵ بکەیت.

3. بانگهێشتی پشکنەری کرێنشین دەکەین بۆ پشکنینی نموونەیەک لە خانووە چۆڵەکان بەشێوەی مانگانە.

4. ئێمە لەماوەی 10 ڕۆژی کارکردندا فۆرمەکانی داواکاری لیدز هاوزین ریجیستەر تۆمار دەکەین.

5. سەردانی بینینی خانووە شیاوەکەت لەگەڵ کارمەندێک ڕێکدەخەین.

6. پێوانەی ڕەزامەندی تۆ دەکەین لەسەر ئەو خزمەتگوزارییەی وەریدەگریت لە تیمی خانووی چۆڵ و گواستنەوە

بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرە

Estate Management

1. پێوانەی ڕەزامەندی تۆ دەکەین لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرە و خزمەتگوزاری ژینگە ساڵی دوو جار و مەبەستمان بەدەستهێنانی 90% ڕەزامەندییە.

2. هەوڵ دەدەین 90% خانووەکانمان پلەی باڵا بەدەستبهێنن و لە هەواڵنامەی خزمەتخوازان و ماڵپەڕەکەماندا بڵاوی بکەینەوە کە چۆن خانووەکەت پلەی بۆ دانراوە.

3. لانیکەم مانگی یەک جار لە وەرزی پریندا باخچە و چیمەنە هاوبەشەکان دەپڕین ئەگەر کەشوهەوا ڕێگەی داین.

4. لانیکەم هەفتەی یەک جار شوێنە هاوبەشەکانی شوقەکان پاک دەکەینەوە.

5. 1 ڕۆژی کارکردن پاش ڕاپۆرتدان لوولەی زبڵ پاک دەکەینەوە.

6. لە شوقە فرەقاتەکاندا ساڵی یەک جار پەنجەرە هاوبەشەکان پاک دەکەینەوە، هەر سێ مانگ جارێک لە پرۆژەکانی پەناگەدا و هەر 6 مانگ جارێک لە شوقە نزمەکاندا.

7. تیمە ماندوونەناسەکەمان هەموو نووسینە ڕەگەزپەرستانە، دژەسێکسانە و بەدڕەوشتانە دەسڕنەوە لەماوەی 1 ڕۆژی کارکردندا و نووسینی دیکە لەماوەی 4 ڕۆژی کارکردندا.

8. 1 ڕۆژی کارکردن پاش ڕاپۆرتدان زبڵی بەجێهێلراو لادەبەین

خانووبەرەی پەناگە

Sheltered Housing

1. سەردانی بینینی خانووی پەناگەی شیاوت لەگەڵ کارمەندێک بۆ ڕێکدەخەین.

2. پارمەتیت دەدەین بۆ دڵنیابوون لە ئاسایش و سەلامەتیت لەڕێگای دابینکردنی خزمەتگوزاری بازنەی ئەلەرمی چاودێرییەوە.

3. هاوکاری خزمەتگوزاری پاسەوان دابین دەکەین و پێوانەی ڕەزامەندیت دەکەین لەگەڵ ئەو خزمەتگوزارییەی بۆت دابین کراوە.

4. کاردەکەین بۆ هاوکاری کردنی خەڵکی دەستەوسان بۆ بەرزکردنەوەی توانایان بۆ دەستهێنانی ژیانی سەربەخۆ.

5. دەرفەتت دەدەینێ بۆ ئەنجامدانی پشکنینی هاوبەش بۆ دەرەوە و ناوەوەی بیناکەت و باسکردنی هەر نیگەرانییەک لەلای ئێمە.

گرێبەستی درێژخایەن

Leaseholder

1. ڕاوێژت لەگەڵدا دەکەین لەسەر نوژەنکردنەوەی گەورە یان چاکسازی پلان بۆ دانراو بۆ ئەنجامدان لەو بینایەی تێیدا دەژیت و ڕوونکردنەوەی هەڵبژاردەکانی پارەدانت بۆ هەر نوژەنکردنەوە و چاکسازییەک.

2. لەماوەی 10 ڕۆژدا ئاگادارت دەکەینەوە لە گەیشتنی داواکاری دەستبەرداربوون لە بڕگەی ناو گرێبەستە درێژخایەنەکەت.

3. لەماوەی 1 ڕۆژدا ئاگادارت دەکەینەوە لە گەیشتنی پرسەکانت و لەماوەی 10 ڕۆژی کارکردندا وەڵامی تەواوت دەدەینەوە.

4. لەماوەی 1 ڕۆژدا ئاگادارت دەکەینەوە لە گەیشتنی سکاڵەکەت و لەماوەی 10 ڕۆژی کارکردندا وەڵامی تەواوت دەدەینەوە.

5. ساڵی لانیکەم 2 کۆبوونەوەی کراوە دەبەستین بۆ خاوەنی گرێبەستە درێژخایەنەکان و چەندین ڕێگات پێشکەش دەکەین بۆ بەشداریکردن لە نەخشاندنی چاکسازییەکانی خزمەتگوزارییەکەمان.

6. ساڵی لانیکەم 2 کۆبوونەوەی کۆستومەر ساوندین بۆرد دەبەستین.

7. پاش بوونت بە خاوەن گرێبەستی درێژخایەن سەردانت دەکەین لە ماڵەوە، بۆئەوەی ڕێنمایی خاوەن گرێبەستی درێژخایەنت بدەینێ کە گرێبەست، ماف و بەرپرسیارێتییەکانت دیاری دەکات.

8. ڕەچەتەی ساڵانەت دەدەینێ پێش 1 ئۆکتۆبەر بۆ ئەو تێچوونانەی کە لەسەرتن و ئاگادارت دەکەینەوە لە کەم یان زیاد پارەدان.

9. چەندین شێوازی پارەدان دەخەینە بەردەستی خاوەن گرێبەستە درێژخایەنەکان.

10. هەواڵنامەی وەرزی خاوەن گرێبەستە درێژەکان دەردەکەین.

11. زانیاری بەردەوامت پێدەبەخشین لەسەر چۆنێتی نمایشکردنی ساڵانەمان بەپێی ئەم ستانداردانەی خزمەتگوزاری.

12. لەماوەی 1 رۆژی کارکردندا پاش راپۆرتدان لەسەر کرداری دژەکۆمەڵایەتی گەورە کە توندوتیژی راستەقینە یان هەڕەشەی توندوتژی تێدابێت و لەماوەی 5 رۆژی کارکردندا پاش راپۆرتدان لەسەر هەموو مەسەلەکانی دیکەی رەفتاری دژەکۆمەڵایەتی پەیوەندیت پێوە دەکەین.

13. 4 هەفتە پێشوەخت خەمڵاندنی تێچوونی خزمەتگوزارییت بۆ دابین دەکەین بۆ ساڵی دارایی داهاتوو و تێچوونی ڕاستەقینەت پشتڕاست دەکەینەوە پێش 1ی ئۆکتۆبەر.

14. ئەگەر پارەت زیاد دابوو بۆ تێچوونی خزمەتگوزاری ئەوا پارەت بۆ دەگێرینەوە لەماوەی 10 رۆژی کارکردندا پاش دەرچوونی رەچەتەی ساڵانە.

بەشداری خزمەتخواز

Customer Involvement

1. چەندین ڕێگات پێشکەش دەکەین بۆ بەشداریکردن و ئەمانە بڵاودەکەینەوە لە هەواڵنامەی بەشداری خزمەتخوازاندا، کە لای خزمەتخوازەکانمان برەوی پێدەدەین.

2. هاوکاری و راهێنانی دۆستانە دابین دەکەین بۆ یارمەتیدانت بۆ  بەشداریکردن لەگەڵ ئێمە و کۆمەڵگەدا.

3. ئێمە شوێنی شیاو بەکاردەهێنین، وەرگێر دابین دەکەین و یارمەتیت دەدەین لە گواستنەوە و چاودێری منداڵ یان تێچوونی چاودێری.

4. نموونەی وەرزی لە ماڵپەڕەکەمان و لە هەواڵنامەی خزمەتخوازان 'زە بەز'دا  دبڵاودەکەینەوە لەسەر ئەوەی چۆن بەشداری خزمەتخواز کاریگەری هەبووە.

5. پێوانەی نمایش خۆمان دەکەین بە بەراورد لەگەڵ ئامانجە دیاریکراوەکان و ئەنجامە بڵاوکراوە وەرزییەکان. ئەمانە دەگرنەوە:

- رێژەی سەدی خانووەکانی کاونسڵ کە لەلایەن کرێنشینان و کۆمەڵەی دانیشتوان یان نوێنەرایەتی ناوچەکەوە نوێنەرایەتی دەکرێن
- ڕێژەی سەدی ئەو کرێنشینانەی کە رازین لە دەرفەتەکانی بەشداریکردن
- رێژەی سەدی ئەو کرێنشینانەی کە رازین لەوەی کە بۆچوونەکانیان لەبەرچاودەگیرێن
- ژمارەی ئەو خزمەتخوازانەی بەشداری راهێنان دەکەن.

## سکاڵا

## Complaints

1. تۆمارکردنی سکاڵا ئاسان دەکەین.

2. لەماوەی 1 رۆژی کارکردندا وەڵامت دەدەینەوە کاتێک سکاڵا تۆمار دەکەیت و لە وەڵامەکەماندا ئاگادارت دەکەینەوە کە کێ بەرپرسیار دەبێت لە مامەڵەکردن لەگەڵیدا.

3. بەوردی و بەخێرایی لە هەموو سکاڵاکان دەکۆڵینەوە و لەماوەی 10 رۆژدا پاش گەیشتنی سکاڵاکە وەڵامت دەدەینەوە و لە ئەنجام ئاگادار دەکەینەوە.

4. کاری زۆر دەکەین بۆ چارەسەرکردنی هەموو سکاڵاکان بەشێوەیەک کە جێگەی رەزامەندی خزمەتخوازەکانمان بێت و بەشداری بە کرێنشینان دەکەین لە بەڕیوەبردنی ئەو سکاڵایانەدا کە دەگەنە قۆناغی 3ی پرۆسەی سکاڵاکردنی ئێمە.

## ستانداردەکانی خزمەتگوزاری وەبەرهێنانی خانووبەرە

## Property Investment Service Standards

### نۆژەنکردنەوەی خێرا

### Responsive Repairs

1. بەخێرایی وەڵامت دەدەینەوە کاتێک لە نۆژەنکردنەوەی ئیمێرجنسی ئاگادارمان دەکەیتەوە، لەماوەی 3 کاتژمێردا سەردانت دەکەین. کاتێک ناکرێت دەستبەجێ نۆژەنکردنەوەکە ئەنجام بدرێت رۆژی دواتر ئیشەکە تەواو دەکەین.

2. بەخێرایی مامەڵە دەکەین لەگەڵ هەموو چاکسازییە بەپەلەکان کە لێیان ئاگادارکراوینەتەوە لەماوەی 3 رۆژی کارکردندا تەواوی دەکەین %98ی کاتەکان ئەمە دەکەین.

3. هەموو ئەو چاکسازییانەی کە بەپەلە نین لەماوەی 20 رۆژی کارکردندا تەواودەکەین.

4. کاتێک پێویست بکات سەردان بکەین بۆ پشکنینی پێشوەخت بەرلەوەی رەزامەندی بدەین لەسەر تەواوکردنی نۆژەنکردنەوە، لەماوەی 8 رۆژی کارکردندا سەردانەکە دەکەین.

5. کاتێک دادەنێین کە گونجاو بێت بۆ تۆ، ئەمەش بە نووسین پشتڕاست دەکەینەوە.

6. رۆژی ژوانەکە تەلەفۆنت بۆ دەکەین، ئەگەر زانیاری پەیوەندیکردنمان لابێت، بۆ ئاگادرکردنەوەت لەو کاتەی کە دەگەین.

7. کاتێک زانیاریمان لابوو، پێش ژوانەکە کورتەنامە دەنێرین بۆ خزمەتخواز بۆ یادهێنانەوەیان لە سەردانەکەمان.

8. هەموو نۆژەنکردنەوەکان بەباشی و بەتەواوی ئەنجام دەدەین، پاش کارەکە شوێنەکە پاک دەکەینەوە و بە پاکی و کۆکراوەیی بەجێیدەهێڵین. هەموو مانگێک پێوانەی رەزامەندی خزمەتخواز دەکەین لە خزمەتگوزاری چاکسازی. هەموو ئەو خزمەتخوازانەی کە لە چاکسازی ئاگاداریان کردوینەتەوە دەرفەتی بەشداریکردنیان دەبێت لە راپرسی رەزامەندیدا.

9. ئێمە لەگەڵ هەموو خزمەتخوازەکان و خانووەکانیاندا بەڕێزەوە مامەڵە دەکەین، وەک شارەزا کاردەکەین و هەمیشە کارتی شوناسنامە نیشان دەدەین کاتێک سەردانی خانووەکان دەکەین.

10. هەموو کارمەندەکانمان جلوبەرگی گونجاو دەپۆشن بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی لێیان چاوەڕوان دەکرێت و جلی کۆمپانیاکەی خۆیان دەپۆشن.

گونجاندن

Adaptations

1. بەپێی کاری داواکراو، هەموو گونجاندنە بچووکەکان لەماوەی 7 یان 28 رۆژی کارکردندا پاش ئاگادارکردنەوەمان ئەنجام دەدەین.

2. لەماوەی 5 رۆژی کارکردندا بە نووسین ئاگادارت دەکەینەوە کە رێنمایی گونجاندنی گەورەمان پێگەیشتوە لە ئۆکیوپەیشناڵ سێرەپیست.

3. لەماوەی 25 رۆژی کارکردندا پاش گەیشتنی رێنمایی ئۆکیوپەیشناڵ سێرەپیست لە بڕیارەکەمان بۆ ئەنجامدانی گونجاندنی گەورە ئاگادارت دەکەینەوە. کاتێک کارەکە شیاو نەبوو یان ئەستەم بوو، بۆت ڕوون دەکەینەوە و لە هۆکارەکانی ئەمە بە نووسین ئاگادارت دەکەینەوە و هەڵبژاردەی خانووی دیکە لەبەرچاودەگرین.

4. هەموو کارەکانی گونجاندنی گەورە ئەنجام دەدەین، بەپێی ئەولەویەتیان، لەماوەی کاتێکی دیاریکراودا پاش گەیشتنی رێنماییەکانی ئۆکیوپەیشناڵ سێرەپی.

   ئەولەویەتی 1 گونجاندنی ئەولەویەت بەرز 74 رۆژ
   ئەولەویتی 2 گونجاندنی ئەولەویەت مامناوەند 127 رۆژ
   ئەولەویتی 3 گونجاندنی ئەولەویەت نزم 220 رۆژ

5. دڵنیایی دەکەین لەوەی کارەکان بەشێوەیەکی سەلامەت ئەنجام دەدرێن و خانووەکەت بە پاکی بەجێدەهێڵرێت لەکۆتایی کارەکەدا.

6. پێوانەی رەزامەندی خزمەتخوازەکان دەکەین لەو گونجاندنە بچووکانەی لە خانووی خزمەتخوازدا ئەنجامدراون.

7. پێوانەی رەزامەندی خزمەتخوازەکان دەکەین لەو گونجاندنە گەورانەی لە خانووی خزمەتخوازدا ئەنجامدراون.

ئەزبێتست

Asbestos

1. لەماوەی 2 رۆژی کارکردندا بە نووسین ئاگادارت دەکەینەوە لە گەیشتنی رەوانەکردن بۆ روپێوی ئەزبێست و ڕوونی دەکەینەوە بۆچی روپێوەکە پێویستە و زانیارییەکانی پەیوەندیکردنی خۆمانت دەدەینێ ئەگەر پرسیار یان نیگەرانیت هەبوو.

2. 5 رۆژی کارکردن پاش گەیشتنی رەوانەکردن راپۆرتی روپێوی ناوخۆیی پردەکەینەوە و بۆت دەنێرین.

3. لەماوەی 2 رۆژی کارکردندا بە نووسین ئاگادارت دەکەینەوە لەکاتی گەیشتنی رەوانەکردن بۆ لابردنی ئەزبێست و زانیاری پەیوەندی خۆمان و کۆنتراکتەرەکانمانت بۆ دابین دەکەین لەگەڵ کۆپیەک لە بڵاوکراوەی زانیاری ئەسبێست.

4. لابردنی ئەزبێست لەماوەی 17 رۆژی کارکردندا تەواو دەکەین، لەڕێگای کۆنتراکتەری مۆڵەتپێدراوەوە.

5. کاتێک نوژەنکردنەوە ئیمیرجنسی بوو، نموونەی کەرەستەکان لەماوەی 24 کاتژمێردا تاقی دەکەینەوە.

خزمەتگوزاری گاز

Gas Servicing

1. دڵنیایی دەکەین لە سەلامەتی خانووەکەت لەڕێگای ئەنجامدانی پشکنینی سەلامەتییەوە بۆ کەرەستەکانی گاز هەر 12 مانگ جارێک لەلایەن ئەندازیاری تۆمارکراوی سەلامەتی گازەوە.

2. کارتێکی ساڵانەت بۆ دەنێرین 8 هەفتە پێش تەواوبوونی ئەوەی ئێستا بۆئەوەی بیرت بخەینەوە کە خزمەتگوزاری ساڵانەی گاز نزیک بۆتەوە.

3. لانیکەم مانگێک پێشوەخت بە نامە ئاگادارت دەکەینەوە لە کاتی ئەنجامدانی کاری بۆری و کەرەستەی گاز لە خانووەکەتدا بۆ خزمەتگوزاتی/پشکنینی ساڵانە و ژوانێکت بۆ دادەنێین بۆ ئەنجامدانی پشکنینی سەلامەتی گاز. زانیاری پەیوەندی کۆنتراکتەرەکانمانت بۆ دابین دەکەین ئەگەر پێویستی کرد کاتەکە بگۆڕیت بۆ کاتێکی گونجاوتر.

4. لەکات و رۆژی دیاریکراودا دەگەین.

5. خزمەتگوزارییەکە و نوژەنکردنەوەی پێویست تەواو دەکەین و کۆپیەکی پروانامەی سەلامەتی گاز (سی پی 12)ت لەماوەی 20 رۆژی کارکردندا بۆ دەنێرین.

6. پێوانەی رەزامەندی خزمەخوازەکان دەکەین لە پشکنین و چاکسازی سەلامەتی گازی ئەنجامدراو.

7. بەدواداچوونی چۆنایەتی ئەنجام دەدەین بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کەرەستەکانی گاز پشکنینیان بۆ کراوە و تەبان لەگەڵ رێساکانی گازی ئێستا.

باشکردنی خانووەکان

Improving Homes

1. پێوانەی رەزامەندی تۆ دەکەین لە خزمەتگوزاری خزمەخواز.

2. پێوانەی رەزامەندی تۆ دەکەین لە بەرهەمە گەیشتووەکانمان.

3. پێوانەی رەزامەندی تۆ دەکەین لە رەفتار، ڕیز و هەڵسوکەوتی کارمەندانمان.\

4. پێوانەی رەزامەندی تۆ دەکەین لە پەیوەندیمان لەگەڵ تۆدا پێش دەستپێکردنی کارەکە.

5. پێوانەی رەزامەندی تۆ دەکەین لە پەیوەندیمان لەگەل تۆدا لەکاتی ئەنجامدانی کارەکەدا.

6. ئەگەر کرا پێوانەی رەزامەندی تۆ دەکەین لە راوێژکردن بۆ دیزاین.

7. ئەگەر کرا پێوانەی رەزامەندی تۆ دەکەین لە هەڵبژاردەی بەردەست بۆ تەواوکردنی ژوور، سەقف یان دەرگا.

8. ساڵانە بڵاوی دەکەینە کە چ کارێکی گەورە پێویستی بە ئەنجامدان هەیە.

راگرتنی مەسعەد

Lift servicing

1. خزمەتگوزاری ئیمێرجنسی 24 کاتژمێر لە ڕۆژێکدا و 7 رۆژ لە هەفتەیەکدا دابین دەکەین بۆ چاککردنی مەسعەد.

2. پشکنینی راگرتن و سەلامەتی ساڵانە ئەنجام دەدەین بۆ هەموو مەسعەدەکان.

3. پاش ئاگادارکردنەوەمان لە شکانی مەسعەد لەماوەی 1 کاتژمیردا دەگەین ئەگەر کەسیک گیری خواردبوو.

4. ساڵی 10 جار پشکنین بۆ مەسعەدەکان ئەنجام دەدەین و 2 پشکنینی ساڵانەی سەلامەتی ئەنجام دەدەین لەلایەن تایبەتمەندی ناسراوەوە.

5. لەماوەی 2 کاتژمێردا لە شکانی مەسعەد دەگەین و لەماوەی 24 کاتژمێردا چاکسازی مەسعەد ئەنجام دەدەین.

6. ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت دابین دەکەین کاتێک کە مەسعەد کارناکات بۆ نموونە لەکاتی راگرتنی رۆتینیدا ئەمەش پێوانە دەکەین لەرێگای پرسیاری دیاریکراوەوە لە راپرسی رەزامەندیدا.

7. لانیکەم ساڵی دوو جار پێوانەی رەزامەندی گشتیت دەکەین لە خزمەتگوزاری مەسعەد.

سەلامەتی ئاگر

Fire Safety

سەلامەتی تۆ بایەخی یەکەمی ئێمەیە و کاردەکەین بۆ دڵنیاییکردن لەوەی هەموو خانووەکان کە شوێنی هاوبەشیان هەیە تەبان لەگەڵ یاساکانی سەلامەتیدا. ئێمە هەڵدەستین بە:

- هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدەین بۆ مەترسی ئاگر بۆ هەموو شوێنە هاوبەشەکان لەماوەی 14 مانگدا
- لەماوەی 24 کاتژمێردا پاش ئاگاداربوون لە ئیمرێجنسی کاردانەوەمان دەبێت
- راپۆرت دەدەین لەسەر هەر زانیارییەک و کارەکانی چاککردنەوە لەماوەی 7 رۆژی کارکردندا ئەنجام دەدەین
- کاردەکەین لەسەر هەر زانیارییەکی دیکە لەماوەی 28 رۆژدا پاش ئاگاداربوونمان.